بۆکان لە مێژوودا (١٠٢)                    ئەنوەر سوڵتانی

## بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی

کتێبی گەلێک بەنرخی کاک جووتیار تەوفیق بە ناوی " بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەیدا" زانیارییەکی زۆری لەسەر ١٠٣ ڕۆژنامە و گۆڤار و "بڵاوکراوە" ی دەورەیی کوردی و فارسی ئاراستە کردوە کە لە ساڵانی نێوان ١٩٠٨ و ١٩٨٨ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان یا خود شوێنەکانی دیکەی ئێران بڵاو کراونەتەوە یاخود ئەو چاپەمەنییە دەورەییانەی وا کوردانی ڕۆژهەڵات دەوریان لە بڵاوکردنەوەیدا بینیوە. لە بەشی پاشکۆی کتێبەکەشدا زانیاری لەسەر ژیانی ئەو کەسانە پێشکەش کراوە کە خۆیان کورد و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ئەوەی لە خوارەوەدا دێت لیستەی ناوی چاپەمەنی دەورەییەکە کەسانی خەڵکی بۆکان دەوریان لە بڵاوکردنەوەیدا بینیوە :

٧ . ڕۆژنامەی "کورد"، ورمێ، ١٩٢٢، مەلا محەمەد تورجانی.

٢٢. نامەی هەفتانەی "کوهستان"، تاران، ١٩٤٥.

٢٣. گۆڤاری "هەڵاڵە"، بۆکان، ١٩٤٦، حەسەن قزڵجی.

٢٥. "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"، مەهاباد، ١٩٤٦، محەمەد عەتری گلۆڵانی نووسراوەی تێدا بڵاو کردۆتەوە.

٢٩. ڕۆژنامەی "کوردستان"، باکۆ، ١٩٤٧ تا ١٩٦١، ١٣٣٧ ژمارەی لێ دەرچوە، دوکتور عەلی گەلاوێژ یەک لەو سێ کەسە بووە کە دەری کردوە.

٣٢. بڵاوکراوەی "ڕێگا"، سیتەک (سلێمانی)، ١٩٤٨، حەسەنی قزڵجی یەک لەو سێ کەسە بوە کە بڵاویان کردۆتەوە.

٣٣. ڕۆژنامەی "کوە نور"، تاران، ١٩٤٩، سلێمان ئەنەوشیروانی لە فەیزوڵڵابەگییەکانی سەقز و بۆکان دەری کردوە (فارسی).

٤٨. ڕۆژنامەی "کوردستان"، تاران، ١٩٥٩ تا ١٩٦٣، کەسانی خەڵکی بۆکان وەک سوارە ئێلخانی زادە، سەلاح موهتەدی، عومەر سوڵتانی و ئیبراهیم ئەفخەمی بابەتیان تێدا نووسیوە.

٥٢. ڕۆژنامەی "کوردستان"، پراگ، ١٩٦٥ تا ١٩٧٠، حەسەن قزڵجی و محەمەد موهتەدی لەو ٤ کەسە بوون کە ڕۆژنامەکەیان بڵاوکردۆتەوە.

٦٦. بڵاوکراوەی "ڕاستی"، تاران، ١٩٧٨ تا ٧٩، حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی بووە.

٧٠. ڕۆژنامەی "مەردم"، تاران، ١٩٧٩ تا ١٩٨٠، بەشی کوردی ڕۆژنامەی ئۆرگانی حزبی تودەی ئێران، حەسەن قزڵجی هاوبەشیی بەڕێوەچوونی ڕۆژنامەکەی کردوە.

٧٥. گۆڤاری "گرشەی کوردستان ، تاران، ١٣٥٩ تا ١٣٦٠، محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) دەری کردوە.

٩٧. گۆڤاری "سروە"، ورمێ، ١٩٨٥ تا ئێستا، لە ژمارەکانیدا گەڵێک کەسانی خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بابەتیان نووسیوە و یارمەتی بڵاوبوونەوەیان داوە.

١٠٠. گۆڤاری "ئاوێنە"، تاران، ١٩٩٠ تا ١٩٩٨، تێیدا خەڵکی بۆکان بۆ نموونە مەلا محەمەد ساڵح ئیبراهیمی، ئەحمەد تەها، ناهید ئەشرەفی(کە ناوی خوزراوی "ئەنوەر سوڵتانی" یە) بابەتیان نووسیوە.

جگە لەوانە، گەلێک بڵاوکراوەی حزبە سیاسییەکان وەک کوردستان، شۆڕش، خەبەرنامە، تیشک، رێگای گەل و تێکۆشان، واهەیە بابەتی خەڵکانی دانیشتووی بۆکانیان تێدابێت. هەروەها لە بەشی ژیننامە دا، بابەتی بەرچاو سەبارەت بە چەند کەسی خەڵکی بۆکان نووسراوە.

جوتیار تۆفیق، " بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا (١٩٠٨ – ١٩٨٨) " ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ١٨٢ لاپەڕە، کوردی.